https://www.doi.org/10.31918/twejer.2032.3

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# بەها پەروەردەییە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان لە تێکستی شانۆی منداڵاندا

## تێکستی (نێرگزەکانی مام نەورۆز) بە نموونە

پ. ی. د. ئیبراهیم قادر محەممەد        ڕازاو ڕەشید صبری

زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی- بەشی زمانی کوردی

ibrahim.mohammed@su.edu.krd        razaw.sabri@su.edu.krd

**پوختە:**

لەم تـوێژینەوەیەدا، شـانۆی منـداڵ وەک هـونەرێکی ئەدەبـی منـداڵان باسی لێوەکراوە، گرنگی و ڕۆڵی ئەم هونەرە لە چاندن و سەقامگیرکردنی بەهـا پەروەردەییە نەتەوەیـی و نیشـتیمانییەکان بـۆ ئەو قۆنـاغەی تەمەنـی منـــداڵ کە تێکســـتە شـــانۆییەکەی ئاراســـتەکراوە، خـــراوەتەڕوو. لە توێژینەوەکەدا میتۆدی (وەسفیی شیکاری) بە پشتبەستن بە پێوەرەکـانی شـیکردنەوەی دەقـی ئەدەبـی لەژێـر ڕۆشـنایی گرنگتـرین خاسـیەتەکانی شـانۆی منـداڵان و ئامـانجە پەروەردەییەکانـدا، لە چوارچێـوەی تییـۆری تـوێژینەوەکەدا بەکارهـاتووە. لێکۆڵەر هەوڵیداوە لە میانەی شیکردنەوەی دەقە شـــانۆییەکەدا، گرنگتـــرین بەهـــا پەروەردەیـــیە نەتەوەیـــی و نیشـــتیمانییەکان، کە لە نمـــوونەی تێکســـتەکەدا ئاماژەیـــان پێکـــراوە دەستنیشانبکات و بیانخاتەڕوو.

بـۆ ئەوەی دەستنیشـانکردنی بەهاکـان لە تێکسـتەکەدا بە شـێوەیەکی ڕێکخـراو و ڕێکوپێـک بێـت و لە سـەر بنەمـایەکی زانسـتی بێـت، پشـت بە پـۆلێنی (ئەحمـد عەلـی کەنعـان) بـۆ بەهـا پەروەردەیـیە نەتەوەیـی و نیشـتیمانییەکان بەســتراوە و وەک پێوەرێـک بەکارهـاتووە. نمـوونەی تـوێژینەوەکە بـریتییە لە نـاوەرۆکی تێکسـتی شـانۆیی (نێرگزەکـانی مـام نەورۆز)ی عەبـدولوەهاب شـوانی، کە لە کتێبـی شـانۆی منـداڵانی (زمـانی دایـک) وەرگیـراوە، هەڵبژاردنـی نمـوونەکە بە شـێوەیەکی هەڕەمەکیـی مەبەستدار بووە، لەسـەر ئەو بنەمایەی، کە زۆرتـرین بەهـای پەروەردەیی (نەتەوەیی و نیشتیمانی) لەخۆگرتووە.

**وشـە کلیلییەکـان:** شـانۆی منـداڵان، بەهـا پەروەردەییەکـان، بەهـا پەروەردەییە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان.

**بەها پەروەردەییە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان لە تێکستی شانۆی منداڵاندا تێکستی (نێرگزەکانی مام نەورۆز) بە نموونە**

**پێشەکی**

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بایەخدان بە منداڵ لە لایەک، و پێداویستییەکانی پەروەردە و ڕۆشنبیرکردنی منداڵان لە لایەکی ترەوە، فاکتەرێکی گرنگ بوون بۆ هاندانی نوسەران و دامودەزگا پەروەردەیی و ڕۆشنبیرییە فەرمی و نافەرمییەکان لە زۆرینەی وڵاتانی دونیادا، بە ئەدەبی منداڵان و هونەرەکانی، بەو پێیەی ئامرازێکی گرنگی پەروەردەیی بەرز و کاریگەرە بۆ منداڵان، لە هەمان کاتیشدا سەرچاوەی چێژ و کاتبەسەربردنە. ئەدەبی منداڵانیش تەنها ئەو پەرتووکانە نین کە منداڵان دەیانخوێننەوە، بەڵکو ئەو شانۆگەرییانەن کە سەیریان دەکەن و ئەو چیرۆک و شیعر و هەڵبەستانەن کە دەیانبیستن و دەیانخوێننەوە، شانۆی منداڵانیش وەک بەشێکی گرنگی ئەدەبی منداڵان، بەو پێیەی کە چەند لایەن و شێوەیەکی گرنگی ئەدەبی و چیرۆکی شانۆیی و مۆسیقا و شیعر و سروود و گۆرانی و خۆشگوزەرانی لەخۆی کۆدەکاتەوە، وەک سەرچاوەیەکی گرنگی فیکری و هەستی لە میانەیەوە منداڵ ئاشنای دابونەریتە پێویست و باوەکانی نێو کۆمەڵگا و بەها و بیر و باوەڕەکان دەبێت کەوا لە کۆتاییدا کەسایەتیی ئەو بنیات دەنێن.

لەم تـوێژینەوەیەدا هەوڵدراوە پەردە لەسەر ئەو بەشەی گرنگی ئەدەبی منداڵان کە (شانۆ)یە هەڵبماڵرێت، ڕۆڵ و گرنگییەکەی بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە بخرێتەڕوو.

**١-٠ ناونیشان و ئامانجی توێژینەوەکە:** ناونیشانی توێژینەوەکە: بریتییە لە بەها پەروەردەییە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان لە تێکستی

شـــانۆی منداڵانــدا، تێکســتی (نێرگزەکــانی مــام نەورۆز)ی عەبــدولوەهاب شوانیی بە نموونە.

ئامانجی توێژینەوەکە: ١ـ دەستنیشـانکردنی ڕۆڵی شـانۆیە لە بواری پەروەردەدا، و گــرنگییەکەی لە چانــدنی بەهـــاو بیروباوەڕەکـــان لە دڵ و دەروونی منداڵاندا، بایەخدانی نووسەر بە شێوازەکانی نووسین بۆ منداڵان بە پابەندبوون بە گرنگترین خاسیەتەکانی شانۆی منداڵان، لە پێناو چاندن و چەسپاندنی ئەو بەهایانە.

٢- دەستنیشانکردنی ئەو قۆناغەی تەمەنی منداڵ کە شانۆگەرییەکەی بۆ نووسراوە.

٣ـ دەستنیشـــانکردنی گرنگتـــرین بەهـــا پەروەردەیی(نەتەوەیـــی و نیشـتیمانی)یەکانە لەنــاو تێکســتەکەدا، ڕادەی بایەخپێــدانی نووســەر بەو بەهایانە بەپێی ئەو قۆناغەی تەمەن کە تێکستەکەی بۆ ئاڕاستەکراوە.

**٠-٢ گرنگیی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە گرنگییەکەی لە سروشتی ناونیشـــانەکەیەوە وەردەگرێــت، ئەویــش بە تیشکخستنەســەر هــونەرێکی گرنگــی ئەدەبــی منــدالان، کە شــانۆیە وەک بەشــێکی پێویســت لە بــواری پەروەردەکــردن و خۆشــگوزەرانی، خســتنەڕووی ڕۆڵــی ئەم هــونەرە لە چانـدن و گەشـەکردنی بەهـا پەروەردەیـی (نەتەوەیـی و نیشـتیمانی)یەکان لەلای منداڵانــدا، ڕادەی پابەنــدبوونی نوســەر بە خاســیەت و بنەماکــانی نووسینی شانۆیی بەپێی ئامانجە پەروەردەییەکان و قۆناغەکانی گەشـەی منداڵ لە بەهێزکردن و سەقامگیرکردنی ئەو بەهایانەدا.

**٠-٣ پرسیارەکانی توێژینەوەکە:** ١ـ ڕادەی پابەندبوونی نووسـەر بە خاسیەتەکانی شانۆی منداڵان لە پێناو چاندنی بەها پەروەردەییە نەتەوەیی

و نیشـــتیمانییەکان و گەیشـــتن بە ئامـــانجە پەروەردەییەکـــان، بەپێـــی پێداویستییەکانی ئەو تەمەنەی منداڵ کە بۆی نووسراوە.

٢_ گرنگترین بەها پەروەردەییە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان چین کە نووسەر لەم تێکستە شانۆییەدا ئاراستەی منداڵانی کردوون؟

٣- ئایا نـاوەرۆکی تێکسـتەکە و خسـتنەڕووی بەهاکـان لەگەڵ کـام قۆناغدا دەگونجێن؟

**٠-٤ میتۆد و ئامرازی توێژینەوە:** لە توێژینەوەکەدا بۆ شیکردنەوەی تێکســتە شــانۆییەکە میتــۆدی (وەســفیی شــیکاری) بەکارهــاتووە، بە پشتبەستن بە شێوازی (شیکردنەوەی ناوەرۆک)، بۆ ئەوەی دیاریکردنی بەهاکـانیش بە شـێوازێکی ڕێکخـراو و لەسـەر بنەمـاییێکی زانسـتی بێـت، سوود لە پێوەری (ئەحمەد عەلی کەنعان) بۆ بەها پەروەردەییە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان وەرگیراوە.

**٠-٥ نمـوونەی تـوێژینەوەکە:** نمـوونەی وەرگیـراو بـۆ تـوێژینەوەکە، پێکهاتووە لە ناوەرۆکی تێکستێکی شانۆی منداڵان، کە لە کتێبی شانۆی منداڵانی (زمانی دایک) بە شێوەیەکی هەڕەمەکیی مەبەستدار وەرگیراوە، بەو پێـیەی کە زۆرتـرین لایەنەکـانی بەهـای پەروەردەیـی (نەتەوەیـی و نیشتیمانی) لەخۆگرتبێت بەپێی پێوەرەکەی (ئەحمەد عەلی کەنعان).

## بەشی یەکەم/ شانۆ و منداڵ

### ١-١ چەمک و پێناسەی شانۆی منداڵان

نووسـەران و پسـپۆڕانی بـواری شـانۆ و ئەدەبـی منـداڵان لە چەنـدین ڕوانگە و دیدی جۆراوجۆر ڕوانیویانەتە ئەو هونەرەی ئەدەبی منداڵان و

پێناسـەی زۆریـان بـۆ کـردووە، کە لە زۆر بـارا و لە زۆر لایەنەوە لەگەڵ یەکدا کۆکن، هەروەک لە خوارەوە هەندێ لەو پێناسـە و بیـر و بۆچوونـانە لە بارەی شانۆی منداڵانەوە دەخەینەڕوو.

لە فەرهەنگـی (زاراوە درامییەکـان)دا شـانۆی منـداڵان بەم شـێوەیەی خوارەوە دەناسێندرێت:

شـانۆی منـداڵان (Children's Theatre)، ئەو شـانۆیەیە، کەوا نمایشـێک پێشـکەش بە نەوجەوانـان (یـافعین) دەکـات، لە ڕێگـای ئەکتەری گەورە یـان منـداڵ، ئامـانجی ئەم نمایشـکردنەش لە نێـوان فێرکـردن و چێژوەرگرتنە. (کحیلە، ٢٠٠٨: ٤٩)

مەڕوان مودنـانیش پێیـوایە شـانۆی منـداڵان: ئەو شـانۆگەرییەیە، کەوا خزمەتـی منـداڵان دەکـات، مەبەسـت لێـی دڵخۆشـکردنی منـداڵ و خۆشـگوزەرانییەتی، برەوپێـدانی زانیارییەکـان و ئەزموونەکـانە لەگەڵ گەشەپێدانی توانا و هەستی جەستەییی منداڵان. (مودنان، ٢٠١٥: ٨)

یەکێـک لەو خـاڵانەی کە لەو دوو پێناسـەیەی سـەرەوەدا ئامـاژەی پێکـراوە، بـریتییە لە دەستنیشـانکردنی ئامـانج و مەبەسـتی سـەرەکی لە شانۆی منداڵاندا، وەک ئامانجێکی گرنگی ئەدەبی منداڵان ئەویش (فێرکردن و چێژوەرگرتنە)ە.

کەواتە ئەوەی لێـرەدا گرنگـی پێـدراوە، ئەوەیە ئەم هـونەرە ئەگەر گەورەکـان پێشـکەش و ئامـادەی بـکەن یـاخود منـداڵان، گرنـگ ئەوەیە لە خزمەت چێنی منداڵاندا بێت و بۆ ئەوان بێت، ئەمەش وەک هەر جۆرێکی تـری ئەدەبـی منـداڵان ئامـانجی سـەرەکی تیایـدا بەخشـینی چێـژ و خۆشگوزەرانییە لەلایەکدا و لە لایەکەی تریشدا پێشکەشکردنی شارەزایی

و زانیارییە جۆراوجۆرەکانە بە منداڵ، کە زۆربەی جار بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ دەبێت.

شانۆی منداڵان: بەشێکە لە هونەرە جوانەکان، کەوا بەشداری لە داڕشتن و فۆڕمەڵەکردنی بیری منداڵ و ئاراستە مۆڕاڵی و کلتوورییەکانی دەکات لەناو کۆمەڵگادا. هەروەها دەبێتە هۆی دروستکردنی هەستێکی داهێنەرانە، بۆ چێژوەرگرتن لە هەموو شتێکی جوان، کەوا لەگەڵ کەسایەتی و بوونیدا بگونجێت، ئەویش بەپێی قۆناغەکانی گەشە، کەوا هاوتەریبە لەگەڵ گەشەی ژینگەی دەوروبەر، ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژیت و جوڵە دەکات. (الكعبی، ١٩٩٩: ٣٣)

دەتوانین بڵێین شانۆی منداڵان، بە یەکێک لەو هونەرانە دادەنرێت کە زۆرترین کاریگەری لەسەر منداڵاندا دروست دەکات و زیاتر دەچێتە نێو دڵ و دەروونیان، ئەمەش بە ڕەچاوکردنی خاسیەتاکەنی نووسین بەپێی تایبەتمەندی و پێداویستییەکانی قۆناغە جیاوازەکانی گەشەی منداڵ.

ئەمەش وامانلێدەکات، کە بیر و بۆچوونی (مارک توین) لەبارەی شانۆی منداڵاندا ئاماژە پێبکەین کە پێیوایە، (شانۆی منداڵان، لە گەورەترین داهێنانەکانی سەدەی بیستەمە، بەهێزترین مامۆستای فێرکاری ڕەوشتە، باشترین هاندانە بۆ ئاکاری دروست) (وینفرید وارد، ١٩٦٦: ٤٤) چونکە هۆکارێکی سەرەکی و کاریگەرە لە پەروەردە و فێرکردن و نەشونماکردنی هزری منداڵ، یارمەتیدانیان بۆ ناسینی دەوروبەر، ئەمە جگە لەوەی یارمیتییان دەدات کەوا گۆکردن (النطق) و نواندن (التمثيل) بە شێوەیەکی باشتر ئەنجام بدەن. (الكعبی، ١٩٩٩: ٣٣)

شانۆی منداڵان: بڵاوترین چەمکە لە ئەدەبی منداڵاندا، بە جۆرێک هەموو چەمکەکانی تر لەخۆدەگرێت: بریتییە لەو ڕەگەزەی ئەدەب، کەوا

مەرج و ئەرک و بنەمــای خــۆی هەیە، تەنــانەت لە شــانۆی گەورانــیش قورسترە، چونکە دەبێت زۆر جەخت لەسەر لایەنی هونەری بکاتەوە، هەر لە نووسینی دەق تاکو نمایشکردنی لەسەر تەختە. (مودنان، ٢٠١٥: ٧)

کەواتە بەو پێـیەی کە شــانۆی منــدالآن هــونەرێکی خۆشەویســت و کـاریگەرە لە دڵـی مندالآنـدا، لە هەمـان کاتیشـدا ئـامرازێکی پەروەردەیـی و فێرکارییە، بۆیە دەبێت ڕەچاوی خاسیەت و بنەماکانی نووسینی بکرێت تاوەکو ئامانجەکانی بپێکێت.

## ١-٢ خاسیەتەکانی شانۆی مندالآن

جێگای گومان نییە، ئەو ئەدەبەی کەوا پێشکەش بە مندالآن دەکرێت، لە ڕووی هونەرییەوە خاوەن هەمان ئەو بنەمایانەیە، کە لە ئەدەبی گشتی و گەورانیشــدا هەیە، بەڵام (ئەدەبــی منــدالآن ئەو بەرهەمە ئەدەبییــانە دەگرێتەوە کەوا پێشکەشی مندالآن دەکرێت و تیایدا ڕەچاوی خاسیەت و پێداویستییەکانی قۆناغە جیاوازەکانی گەشـەیان دەکرێت). (الهیتی، ١٩٨٨: ١٥٧) ئەمەش خاڵێکی بنەڕەتی و گرنگی جیاکەرەوەی ئەدەبی مندالآنە لە ئەدەبی گەوران بە هەموو جۆرەکانییەوە، بۆیە لێرەدا ئێمە لەژێر ڕۆشنایی داواکـاریی و پێداویســتییەکانی گەشــەی منـداڵ ئامــاژە بەوە دەکەیــن کە شـانۆی منـدالآن دەبێ چۆن بێت و چـی پێویسـتە بکرێت، تـاوەکو کـاری شــانۆیی بە ئامــانجی خــۆی بگـات و ئەوەی ئـێمە لە مندالآنـدا چـاوەڕێی دەکەین بێتە ئەنجام. ئەمەش وایکردووە کە شانۆی منـدالآن ببێتە خـاوەنی چەنـد خاسـیەتێک کە لە خـوارەوەدا بە شـێوەیەکی گشـتی ئاماژەیـان پـێ دەکەین:

١_ شانۆگەریی مندالآن دەبێ ئامانجداربێ، تاوەکو بتوانێت هەست و ژیری و جەستەی مندالآن بجوڵێنێت. (العلیمات، ٢٠١٥: ٤٦)

٢_ بیرۆکەی شانۆگەرییەکە دەبێت پەیوەندیدار بێت بە ئامانجی شانۆییەکەوە، بە تایبەتی لە ڕووی پەروەردەییەوە. هەروەها پێویستە پەیوەندیدار بێ بە کێشە گشتییەکانی منداڵ و کۆمەڵ، ڕوون و ئاشکرا و سەرنجڕاکێش بێت، لەگەڵ عەقڵ و بیرکردنەوەی منداڵان لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەن بگونجێت. ئەمە جگە لەوەی کە دەبێت بیرۆکەکە پەیوەست بێت بە پێوانە پەروەردەیی و فێرکارییەکانی منداڵەوە، بە تایبەتی بۆ قوتابییانی قۆناغی بنەڕەتی. (قەرەداغی، ٢٠١١: ٢٩٨)

٣_ دەبێت بابەتەکە پەیوەندیدار بێت بەو بەهایانەی کە هەڵیگرتووە، وەک بەهای پەروەردەیی و جوانی و فێرکاری و ڕەوشتی... هتد، لە سەرووی هەموشیانەوە لەگەڵ ئەو تەمەنەدا گونجاو بێت کە ئاراستەی دەکرێت، چونکە هەموو بابەتێک بۆ هەموو قۆناغەکانی تەمەنی منداڵ گونجاو و دروست نییە. (قەرەداغی، ٢٠١١: ٢٩٩)

٤_ کەسایەتییەکان دەبێت ئاشکرا و دیار بن، نابێت ژمارەیان زۆر بێت، یان ناو و سیفاتەکانیان لە یەکتر نزیک بێت، تاوەکو منداڵان لەگەڵ یەکتیردا تێکەڵیان نەکەن. کەواتە (ڕوونی، دیاریکردن، جیاوازی و نموونەیی، هەڵبژاردنی ژمارەی گونجاو لە کەسایەتی، دانانی ناوەکان بە وردی و چاودێری، هەموو ئەمانە لەگەڵ وروژاندن و سەرنجڕاکێشان) چەند خاڵێکی گرنگن دەبێت لە شانۆگەریی منداڵاندا ڕەچاوبکرێن. نووسەری سەرکەوتووش ئەوەیە کە بتوانێت جۆرێک لە سۆزداری لە نێوان کەسایەتییە خۆشەویستەکان و بینەران یان خوێنەراندا دروست بکات، بە جۆرێک کە بڕوا بە منداڵان بهێنێت، جا ئەگەر کەسایەتییەکان ئادەمی، یان ئاژەڵی یان لە شتە بێگیانەکان بن. (رضوان واخرون، ١٩٨٢: ١٥_١٦)

٥_ بەدواییەکـــداهاتنی ئاســـایی و سروشـــتی لە ڕووداوەکـــان و پەلەنەکردن لە گواستنەوەی کات و شوێندا.

٦_ بایەخدان بە دیالۆگی ئاسان و کورت و چڕ، هەڵبژاردنی زمانێک بۆ تێگەیشتن کە لەگەڵ تەمەنی منداڵاندا بگونجێت.

٧_ بەکارهێنـانی زمـانێکی پـاراو و نزیـک لە زمـانی منـداڵ. (العنـانی، ٢٠٠٧: ١١٤_١١٥)

٨_ پێویسـتە گـرێ بە شـێوەیەکی زنجیرەیـی و بەدواییەکـداهاتنێکی گونجاو و ڕێکوپێک دابڕێژرێت کە ئاسان بێت بۆ منداڵ تا لەگەڵیدا ڕەوت بکـات، درێـژی گـرێیەکەش دەبێـت گونجـاو بێـت لەگەڵ توانـای منداڵـدا. هەروەها ئەو چارەسەرەی کە گرێیەکە پێی دەگات پێویستە لە سنووری عەقـڵ و تێگەیشـتنی منداڵـدا بێـت، بەهـا ڕۆشـنبیری و پەروەردەییەکـان بپارێزێت. (قەرەداغی، ٢٠١١: ٢٩٩_٣٠٠)

٩_ یەکێــک لەو خــاڵە گرنگــانەی کە دەبێــت شــانۆگەریی منــداڵان ڕەچاوی بکـات بریتییە لە وروژانـدن و سەرنجڕاکێشـان، بەشـێکی گرنگـی شانۆگەری و بەشەکان بە یەکتر گرێ دەدات، شانۆگەریی سـەرکەوتووش چەنـدین حـاڵەتی سـۆزداری وەک (بەزەیـی، تـرس، سەرسـامبوون... تـاد) دەوروژێنێت.

١٠_ پێویســـتە شـــانۆگەری زۆر وردبێــت لەوەی دڵنیابێــت گیــانی گاڵتەئامێزی و ساتیرا (الفکاهة) لەناویدا هەبێت، تاکوو هەندێک لە گرژی و تونـدییەکەی کەمبکـاتەوە، ئەگەر بـابەتی ساتیراشـی تێـدا نەبـوو پێویسـتە هەندێک لە کارەکتەرەکان ئەم کارە ئەنجام بدەن، نەک تەنها لەبەرئەوەی کە منـــداڵان ئـــارەزووی ئەمە دەکەن و لەگەڵیـــدا زیـــاتر چێـــژ و لەزەت

وەردەگرن، بەڵکو لەبەرئەوەی ئارامبەخش و هێمنکەرەوەیە. (وینفرید وارد، ترجمه الجوهری، ١٩٦٦:١٥٨_١٥٩)

١١_ پەیوەستکردنی کاری شانۆی منداڵان بە هەندێک دەقی هۆنراوەی جوان و سەرنجڕاکێش، ئەمەش لە پێناو گەشەکردنی لایەنی زمانەوانیی منداڵ و گەشەکردنی هەست و چێژی ئەدەبی لای منداڵان، و بەرەو پێشچوونی کەسایەتییەکانیان.

١٢_ گەشەکردنی خەیاڵ و هەستی جوانناسی لای منداڵان، پەلکێشکردنیان بۆ جیهانی تایبەت بە خۆیان، لە ڕێگەی پەیوەستکردنی خەیاڵیان بە هەستەکانیانەوە. ئەم خەیاڵ و ئەندێشەیەش بێگومان نابێت وەهم بێت، بەڵکو دەبێت پەیوەندی بەو واقیعەوە هەبێت کە منداڵەکەی تێدا دەژییێت. (العلیمات، ٢٠١٥: ٤٧)

١٣_ بایەخدان بە سەرەتای سەرنجڕاکێش و کۆتاییی ڕۆشن و دادپەروەرانە. (وینفرید وارد، ترجمه الجوهری، ١٩٦٦: ١٦٠)

## ١-٣ ئامانجە پەروەردەییەکانی شانۆی منداڵان:

١_ هاوکاریی منداڵ دەکات بۆ بیرکردنەوە و خەیاڵکردن و تێگەیشتن لە واقیعی خراپی ژیان و هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەو واقیعە بەرەو باشتر.

٢_ ڕێزگرتن لە بەها پیرۆزەکان، شانازیکردن پێیان، هەوڵدان بۆ پەرەپێدانیان، ڕیسواکردنی خراپەکان و دوورکەوتنەوە لێیان.

٣_ ڕزگاربوون لە بیر و باوەڕە کۆن و پووچەکان، کە بۆ ژیانی سەردەمی دەست نادەن، لەگەڵ پێشکەوتن و سەردەم نامۆن.

٤_ چاندنی ڕۆحی خۆشەویستی و شانازیکردن بە نیشتیمان و خۆبەختکردن لە پێناویدا.

٥_ ئاگاداربوونی منداڵ لە ئەزموونی نوێ و زیندوو و بەرجەستە، هاندان و وریابوونەوەیان بۆ ئەزموونی نوێ، لە پێناو فراوانبوونی مێشکیان و زیادکردنی ئەزموونیان.

٦_ تێرکردنی هیوا و ئارەزووی منداڵ، وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان بە ڕێگای سەرنجڕاکێش و بەچێژ.

٧_ زیادبوونی سەرمایەی زمان، ڕاهێنانیان بۆ گوێگرتن و شارەزابوون، تا بە جوانی گوزارشت لە شتەکان بکەن، کە لەگەڵ ئاستی زمان و واقیع بگونجێت.

٨_ دۆزینەوەی داهێنەران و ئاگاداربوون لێیان، پەروەردەکردنیان بۆ گەیاندنیان بە ئاستی پێویست. (احمد، ٢٠١٨: ١١٥_١١٦)

## بەشی دووەم/ بەها پەروەردەییەکان

### ٢-١ چەمک و پێناسەی بەها پەروەردەییەکان

بۆ ئەوەی لەم بەشەدا باس لە بەها پەروەردەییەکان بکەین، لایەنەکانی بەپێی پێویستیی توێژینەوەکە دەستنیشانبکەین، وا پێویست دەکات سەرەتا لەسەر چەمکی (بەهاکان_القیم (values)) بوەستین، چەند پێناسەیەک بەپێی ناوەرۆکی ئامانجی توێژینەوەکە بخەینەڕوو، چونکە چەمکی بەهاکان بۆتە جێگای گرنگیپێدانی زۆرێک لە لێکۆڵەران و نوسەران لە بوار و پسپۆڕی جیاجیای وەک (فەلسەفە، پەروەردە، ئابووری، کۆمەڵناسی، دەروونزانی و چەندین بواری تر)، کە هەریەکەیان

لە ڕوانگەی جیاواز و تایبەتی خۆی ڕوانیویەتییە بابەتەکە و پێناسەی بۆ کردووە بە جۆرێک کە لەناو پسپۆڕیدا بەکارهێنانی جیاوازی بۆ دەکرێت. (علی، ٢٠٠٦: ١٨)

بەهاکان: "بە گشتی بریتییە لەو شێوازەی یان ئەو ڕەفتارەی کەوا تاک یان کۆمەڵ بە نموونەیی دەیبینن، بەم پێیەش دواتر تاک بەهۆی ئەم بەهایانە ڕێز و پێزانین لە لایەن کۆمەڵگاوە دەستەبەر دەکا". (نایل، ٢٠٠٦:٨١)

عەبدوڵلەتیف خەلیفەش لە ناسینی بەهاکاندا دەڵێت: "بریتییە لەو بڕیارانەی تاک دەیاندات، لەبارەی بابەتێک یان شتێک، بە نەرێنی یان ئەرێنی، ئەویش لەژێر ڕۆشنایی بۆچوون و هەڵسەنگاندنی بۆ بابەت و شتەکان، ئەم پڕۆسەیەی لە ئەنجامی کارلێککردنی تاک لەگەڵ ئەزموون و زانیارییەکانی خۆی و کارلێککردنیەتی لەگەڵ نوێنەرانی ئەو شارستانیەتەی کە تێیدا دەژییت، لەمانەشەوە ئەزموون و شارەزایی و زانیاری وەردەگرێت". (خلیفه، ١٩٩٢: ٥٩_٦٠)

دەتوانین بڵێین ئەم دوو پێناسەیەی سەرەوە بۆ بەهاکان سوودیان لە تیۆری (فێربوونی کۆمەڵایەتییەوە) وەرگرتووە، کە بەپێی ئەم تیۆرە مرۆڤ یان تاک لە ڕێگای چاودێری و تەماشاکردنی ئەوانی ترەوە ئەو ڕەفتارانە هەڵدەبژێرێت، کەوا زیاتر لەگەڵ کۆمەڵگادا دەگونجێن و لەلایەن زۆربەیان قەبوڵکراون.

بەڵام پێناسەی بەهاکان لە ڕووی پەروەردەییەوە: "بریتییە لە کۆمەڵێک پرەنسیپ و ڕێسا و ڕێکار، کەوا خەڵک باوەڕیان پێیانەوە هەیە و لەسەری کۆکن و دەیانکەنە پێوەرێک بۆ کاری ڕۆژانەیان، بەهۆیەوە

کارەکانیــان و هەڵســوکەوتە مــاددی و مەعنەوییەکانیــان هەڵدەســەنگێنن". (نایل، ٢٠٠٦: ٨١)

کەواتە بەهـا پەروەردەییەکان (یەکێکە لە بنەمـا سـەرەکییەکانی کـاری پەروەردەیــی، بگــرە گرنگتــرین ئامــانج و ئەرکەکــانیەتی، ئەم بەهایــانەش هەریەک لە دایبــاب، مامۆســتا، دەزگــا پەروەردەییەکــانی نــاو کۆمەڵگــا دەگـــــرێتەوە، هەریەک لەوانە هەوڵ دەدەن ئاراســـــتە پەروەردەیـــــیە پۆزەتیڤەکان ڕێکبخەن و پەروەردە نێگەتیڤەکان لاببەن، کەوا ئاستەنگن لە ڕێگـای گەشـەپێدان و بزوتنەوەکەی و سـنووردارکردنی تواناکـان، چـونکە ئەوانەی لە بــواری پەروەردە کــاردەکەن هەوڵــدەدەن منــداڵێک دروســت بکەن، بەتوانـا و بەشـدار و کاریگەربێت لە بـزوتنەوەی گەشـەپێدان لەنـاو کۆمەڵگادا. (کنعان، ١٩٩٥: ١٣١)

بۆیە بەهاکان گرنگیی زۆریان بۆ سـەر تـاک هەیە و لە دواتریشـدا بۆ سـەر ئەو کۆمەڵگایەی کە ئەو تاکەی تێدا پەروەردە دەبێت.

## ٢-٢ پۆلێنکردنی بەها پەروەردەییەکان

لێکـۆڵەرانی بـواری بەهاکــان لەســەر ئەوە کـۆکن، کەوا پـۆلێنکردنی بەهاکــان کــارێکی ســەختە، چــونکە هــیچ پــۆلێنکردنێکی ســەرتاپا نییە بــۆ بەهاکــان کە هەمــوو ڕەهەنــد و بنەماکــانی لەخۆگرتبێــت، بــۆیە دەبینــین پۆلێنکردنەکـــان بەپێـــی بیروبۆچـــوون و فەلســـەفەی خاوەنەکانیـــان جۆراوجۆرن، بەهاکـان چەندین پـۆلێنی جیاوازیـان بـۆ ئەنجامـدراوە بەپێی ئەو ڕەهەنــدەی کە لەســەری پــۆلێنکراون، وەک بــۆ نمــوونە هەنــدێک لە لێکـۆڵەران بەپێـی ڕەهەنـدی (نــاوەرۆک) یــان (ئامــانج و مەبەســت) یــان (تونــدی) یــان بەپێــی ڕەهەنــدەکانی (ڕوونــی) یــان (گشــتگیری)... هتــد بەهاکانیان پۆلێنکردووە. (علی، ٢٠٠٦: ٢٦_٢٨)

ئەحمەد عەلی کەنعان لە کتێبەکەی (ادب الاطفال و القیم التربویە) لە میانەی خستنەڕوو و خوێندنەوەی پۆلێنەکانی چەندین شارەزا و لێکۆڵەری بەتوانا کە لە بواری بەهاکاندا کاریانکردووە نموونەی (سپرێنجەر، مۆریس، ڕیشەر، وایت، ئەلهیتی، دکتۆرە سەلوە عەبدولباقی)، بە مەبەستی گەیشتنی بە پۆلێنێکی نوێ و تازە بۆ بەهاکان بە جۆرێک کە لە واقیعی کۆمەڵگەی عەرەبی و ئیسلامی و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئامانجە پەروەردەییەکانیدا سەرچاوەی گرتبێت، پۆلێنێکی نوێی دۆزییەوە کەوا پێوەربێت بۆ بەها پەروەردەییەکان بە شێوەیەک، کەوا لێکۆڵەر بتوانێ ناوەرۆکی شیعری منداڵانی پێ شیبکاتەوە. پاش ئەوەی پێوەرەکەی خستەڕوو لەلایەن کۆمەڵێک هەڵسەنگێنەری کۆمەڵناس و دەروونناس لە چەندین وڵاتی عەرەبی، بەپێی پێویست هەموارکرایەوە، ئینجا زیاتر لە جارێک لەسەر چەند نموونەیەک لە شیعری منداڵان پراکتیزەی بۆ کرد، لە کۆتاییدا توانی بگات بە پۆلێنێکی تازە کە بە (پێوەری بەها پەروەردەییەکان) ناوزەد کرا، ناوەرۆکەکەی لە (١٠) کۆمەڵە بەها پێکهاتبوو، بە هەموویان (٧٠) بەهای لاوەکییان لەخۆدەگرت، دەرگاشی واڵاکرد بۆ زیادکردنی هەر بەهایەکی تر بۆ سەر هەر کۆمەڵێک لەو کۆمەڵە بەهایانەی تر کە لە خوارەوەدا ئاماژەیان پێدەکەین.

**کۆمەڵەی بەها پەروەردەییەکانی (ئەحمەد عەلی کەنعان)**

١_ کۆمەڵە بەهای نەتەوەیی/ نیشتیمانی کە شەش بەها لەخۆدەگرێت.

٢_ کۆمەڵە بەهای مەعریفی و ڕۆشنبیری کە شەش بەها لەخۆدەگرێت.

٣_ کۆمەڵە بەهای زانستی و ئابووری کە هەشت بەها لەخۆدەگرێت.

٤_ کۆمەڵە بەهای کۆمەڵایەتی کە حەوت بەها لەخۆدەگرێت.

٥_ کۆمەڵە بەهای مرۆڤایەتی کە حەوت بەها لەخۆدەگرێت.

٦_ کۆمەڵە بەهای ڕۆحی و ئاکاری کە حەوت بەها لەخۆدەگرێت.

٧_ کۆمەڵە بەهای خۆشگوزەرانی و ئیستاتیکی کە حەوت بەها لەخۆدەگرێت.

٨_ کۆمەڵە بەهای تەندروستی و خۆپاریزی کە شەش بەها لەخۆدەگرێت.

٩_ کۆمەڵە بەهای وەرزشی کە پێنج بەها لەخۆدەگرێت.

١٠_ کۆمەڵە بەهای کامڵبوونی کەسێتی کە یانزە بەها لەخۆدەگرێت.

(کنعان، ١٩٩٥: ١٣٧_١٤٠)

لەبەرئەوەی بەهاکان لەگەڵ گۆڕان و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا نوێ دەبنەوە و گۆڕانکارییان بەسەردادێت، بۆیە ناوبراو دەرگای والاکرد بۆخستنەسەری هەر بەهایەکی تر بۆ سەر هەر یەکە لەو ١٠ کۆمەڵە بەهایانەی کە لە سەرەوەدا ئاماژەیان پێکرا، ئەمەش توانای نەرمی (مرونە) و بەردەوامی و جێگیری بە پۆلێنەکە دەبەخشێت (کنعان، ١٩٩٥: ٢٢٨) و هۆکارێکە بۆ توێژەر لە بەکارهێنانی ئەم پۆلێنە لە توێژینەوەکەیدا، بە جۆرێک لەناو ئەو کۆمەڵە بەها پەروەردەییانەدا، کۆمەڵە بەها پەروەردەییە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان وەرگیراوە و وەک پێوەرێک بەکارهاتووە، بەو پێیەی کەوا لەگەڵ ناوەرۆکی توێژینەوەکەدا دەگونجێت، لە دەرهێنان و دەستنیشانکردنی بەهاکانی ناو تێکستەکەدا سوودی لێ وەرگیراوە.

## ٢-٣ بەها پەروەردەییە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان:

هەروەک لە ناوەکەیدا دەردەکەوێت، ئەو کۆمەڵە بەهایانەن کە بایەخ بە پەروەردەکردن و نەشونماکردنی لایەنەکانی (نەتەوەیی و نیشتیمانی) دەدات لەلای تاکەکان، لەپێناو خۆشبەختی بۆ کۆمەڵگا و هەنگاونان بەرەو یوتوپیا، بەم شێوەیەش پەروەردە دەتوانێت هاوڵاتی باش پێبگەیێنێت، بۆیە مەبەست لە بەها پەروەردەییە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان:

هەستکردنی هاوڵاتییە بە ئینتیما بۆ نیشتیمانی گەورەی [سەبارەت بە کورد، کوردستانی گەورە دەگرێتەوە] شانازیکردن پێی و خۆشویستن و بەرگریکردن لێی، بە مەبەستی سەربەخۆیی و ئازادبوون، تاوەکو هەست بە بەختەوەری و ئارامی بکات. جگە لەوە شانازیکردن بە ئینتیما بۆ نەتەوەکەی، کەوا پەیوەندییە نەتەوەییە ڕەسەنەکان بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، بۆیە هەوڵ دەدات بۆ یەکێتیی تەواوی نەتەوەکەی لە هەموو پارچەکاندا، ئەمەش وایلێدەکات دەست بە کلتووری نەتەوەییەکەی بگرێت و پارێزگاری لە زمانە ڕەسەنەکەی بکات، شانازی بە مێژووی پڕشنگدار و سەروەرییەکانی بکات کە بە درێژایی هەزاران ساڵ ماوەتەوە و پارێزراوە، ئەگەر تاک لەم وڵاتەدا هەستی بە مەترسییەک کرد کەوا هەڕەشەیە لەسەر بە نەتەوەییبوون و شکۆکانی، ئەوا دروشمی فیداکاری و خۆبەختکردن بەرز دەکاتەوە، شەهیدبوون دەبێتە لوتکەی لوتکەکان و پەیمانی ناو پەیمانەکان، لە پێناو دابینکردنی دوارۆژێکی پڕشنگداری نەتەوەیی بۆ نەوەی داهاتوو. (کنعان، ١٩٩٥: ٢٣٧_٢٣٨)

کۆمەڵە بەهای پەروەردەیی (نەتەوەیی و نیشتیمانی) لەلایەن ئەحمەد عەلی کەنعان بۆ سەر حەوت جۆر بەها دابەشکراوە و هەر بەهایەکیش چەند بەهایەکی تری لاوەکی لەخۆدەگرێت و بووە بە پێوەر بۆ ئەم جۆرە

بەهـایە کە لەخـوارەوەدا بە ناونیشـانی (پێـوەری بەهاکـانی پەروەردەیـی نەتەوەیی و نیشتیمانی) لە خشتەیەکدا خراونەتەڕوو: (کنعان، ١٩٩٥:٢٢٦)

| کۆمەڵە بەهایەکان | بەها پەروەردەییەکان |
|---|---|
| نەتەوەیی | ١_ نیشتیمان (خۆشەویستی، ئازادی، بەرگریکردن لێی). |
| | ٢_ میللەت (شانازی و ئینتیما بۆی، یەکپارچەیی). |
| | ٣_ قوربانی و خۆبەختکردن و گیانفیدایی (شەهیدبوون). |
| | ٤_ خەباتکردن (دژی داگیرکەر) لە دوو لایەندا: |
| | ا: لە ناوەخۆ (دەرەبەگایەتی، بۆرجوازییەت و دواکەوتویی). |
| | ب: لە دەرەوەدا (داگیرکەری دەرەکی) |
| نیشتیمانی | ٥_ دەستگرتن بە کلتور (زمان، مێژوو، سەروەرییەکان) |
| | ٦_ گەشبینی سەبارەت بە داهاتووی گەشی نەتەوایەتی |
| | ٧_ بەهای تر... |

خشتەی پێوەری بەها پەروەردەییە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان

## بەشـی سـێیەم/ شـیکردنەوە و گفتوگـۆکردنی نمـوونەی تـوێژینەوەکە و ئەنجامەکانی

### ٣-١- شیکردنەوە و گفتوگۆکردنی نموونەی توێژینەوەکە

لەم بەشـەدا هەوڵـدراوە ئەو تێکسـتە شـانۆییەی کە وەک نمـوونە لە کتێبی شانۆیی (زمـانی دایک)ەوە وەرگیـراوە، لە پاش خوێندنەوەی وردی لێکۆڵەر، لە دوو لایەنەوە شیکردنەوەی بۆ بکرێت، شیکردنەوەیەک بە پێی پێوەرەکـانی شـیکردنەوەی دەقی ئەدەبی لەژێـر ڕۆشـنایی گرنگتـرین ئەو خاسیەتانەی کە پێویستە لە نووسینی شانۆی منداڵاندا ڕەچاوبکرێن بەپێی ئەو قۆنـــاغەی تەمەن کە تێکســـتەکەی ئاراســـتەکراوە، شـــیکردنەوەی

دووەمیشیان پەروەردەییە بۆ دەرهێنان و دەستنیشانکردنی گرنگترین بەها پەروەردەییە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان کە لە شانۆگەرییەکەدا لەژێر تیشکی چەمک و دەستەواژەی جۆراوجۆر ئاماژەیان بۆ کراوە، ئەمەش بە پشتبەستن بە پێوەرەکەی ئەحمەد عەلی کەنعان کە بۆ بەها پەروەردەییە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان ئامادەکراوە.

ناونیشانی شانۆگەرییەکە: (نێرگزەکانی مام نەورۆز)، تێکستێکە لە کتێبی کۆمەڵە تێکستی شانۆیی منداڵانی زمانی دایک، لە لایەن (عەبدولوەهاب شوانی)یەوە نوسراوە

بابەت و بیرۆکەی شانۆگەرییەکە بریتییە لە ئاشناکردنی منداڵانی کورد بە جەژن و بۆنەیەکی تایبەتی نەتەوەیی و نیشتیمانی، کە ئەویش (جەژنی نەورۆز)ە، کە وەک یەکەم ڕۆژی ساڵی تازەی کوردی لەم تێکستەدا بە منداڵان دەناسێندرێت. بابەتەکان هەڵگری کۆمەڵێک بەهای پەروەردەیی (نەتەوەیی و نیشتیمانی)ن وەک: (خۆشەویستیی نیشتیمان و ئازادییەکەی و بەرگریکردن لێی، شانازیکردن بە میللەت و ئینتیما بۆی، قوربانیدان و خۆبەختکردن لە پێناویدا بە مەبەستی ئازادی و یەکپارچەیی، پاراستنی کلتوور و ڕەسەنایەتی، بایەخدانیان بە بۆنە و جەژن و جلوبەرگی نەتەوەیی و زمان و دابونەریتە نەتەوەییەکان) هەموو ئەمانە لە میانەی ڕووداو و گفتوگۆ و هەڵوێستەکان بە شێوازێکی سەرنجڕاکێشانە لە شانۆگەرییەکەدا خراونەتەڕوو.

نووسەر بیرۆکە و بابەتی شانۆگەرییەکەی بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەربڕیوە، هەوڵی داوە لە ڕێگای سروشتی کەسایەتییەکان و هەڵوێستەکان بیرۆکەی سەرەکیی شانۆگەرییەکە نەک تەنها لە یەک دەستەواژەدا، بەڵکو لە چەندین دەستەواژە و چەمکدا دەستنیشانبکات، چونکە (لە شێوازی نووسینی ئەدەبی منداڵاندا دەتوانین بڵێین، دەبێت هەر

برگەیەک (فقرة) لە برگەکانی تێکستەکە هەڵگری بیرێک بێت). (الهیتی، ١٩٧٧:١٠٢)، لە دارشتنی ناوەرۆکی بیرۆکە و بابەتەکانیشدا سوودی لە واقیع وەرگرتووە. ئەمەش خاڵێکی گرنگە کە ئێمە بۆ ئەوە بچین، ئەم شانۆگەرییە بۆ منداڵانی تەمەن (٨-١٢) ساڵان نووسرابێت، کە بە قۆناغی (پاڵەوانێتی) ناودەبرێن (منداڵانی ئەم قۆناغە لە کاری پڕ ئەندێشەیی تا ڕادەیەک دوردەکەونەوە، لە ڕاستی و واقیع نزیک دەبنەوە، حەزدەکەن لە شتەکانی دەوروبەریان تێبگەن. (فراج،١٩٧٩: ٣٩-٤١)

شانۆکە لە لایەن چەند منداڵێکەوە پێشکەش دەکرێت کە کەسایەتی ناو شانۆگەرییەکە پێکدەهێنن، کەسایەتییەکانیش ئادەمین (بشری) ئەمەش دیسان بەڵگەیەکی ترە، کە شانۆگەرییەکە بۆ منداڵانی قۆناغی (پاڵەوانێتی) هەژماربکەین، چونکە منداڵانی خوار ئەو تەمەنە زیاتر حەز بە کەسایەتی خەیاڵی، ئاژەڵی و بێ گیانەکان دەکەن. لە ڕووی ژمارەشەوە ژمارەکانیان سنووردارە، سیانیان وەک (کەسایەتیی سەرەکی) شانۆگەرییەکە بە ناوەکانی (کاوە، عەبد، هەڵەبجە) دەردەکەون، هەشت منداڵی تریش وەک کەسایەتیی لاوەکی لەناو شانۆگەرییەکە ئاماژەیان پێدەکرێت. هەموو منداڵەکان جلی کوردییان پۆشیوە جگە لە عەبد نەبێت.

نووسەر سەرەتای شانۆگەرییەکە بە شێوازێکی سەرنجڕاکێش دەخاتەڕوو، بە جۆرێک کە وروژاندن و واقوڕمان لای منداڵان دروست دەکات، ئەویش بە (**هاتنی منداڵێک بە ڕاکردنەوە بۆ سەر تەختەی شانۆ کە ناوی (عەبد)ە و جامانەیەکی ڕەشی بە دەستەوەیە و بە دەوری خۆی ئەیسوڕێنێت و یاری پێ دەکات و سەمای پێ دەکات، لەدوای ئەویش منداڵێک بە ناوی (کاوە) بە ڕاکردنەوە دێتە سەر تەختەی شانۆ، کە جلێکی کوردی لەبەردایە و بەدوایەتی و ئەیەوێ جامانەکەی لێ بسێنێتەوە**). (نێرگزەکانی مام نەورۆز: ٦٧)

ئەم شێوازەی هاتنی عەبد بۆ سەر شانۆ جۆرێک لە (سەرسامبوون) لای منداڵان دروست دەکات و ڕایاندەکێشێت بۆ بەردەوامبوون لە (سەیرکردن) یان (خوێندنەوە)ی شانۆگەرییەکە تا کۆتایی، بۆ ئەوەی بزانن ئاخۆ چی ڕوودەدات. ئەمەش یەکێکە لە هونەرەکانی وروژاندنی منداڵ لە شانۆدا، کە نووسەر لێرەدا شارەزاییانە بۆی چووە.

نووسەر بۆ ئەوەی پەرە بە ڕووداوەکانی ناو تێکستەکە بدات و ململانێ و گرێ دروست بکات، گفتوگۆ و دیالۆگ دەداتە پاڵ (کاوە) و (عەبد) و (منداڵانی تر)ی ناو شانۆگەرییەکە.

**کاوە: بێنە ئەو جامانەم بدەوە، دیاری باپیرمە**

**عەبد: (پێئەکەنێت)**

**کاوە: (توند جامانەکە ئەگرێت)، بمدەرەوە**

**عەبد: ها بیگرە جا ئەوە چییە تەنها مەترە قوماشێکە**

**کاوە: ئەمە تەنها قوماشێکی ئاسایی نییە، ئەمە ناسنامەی ئێمەیە.**

**منداڵەکان: (لەو کاتە کۆمەڵێک منداڵ دێنە سەر شانۆ و هەموو بە جلی کوردییەوە)**

**بەڵێ ناسنامە**

**عەبد: (بە چاوی ئەبلەق بوونەوە) ناسنامە؟**

**کاوە: (دێتە پێشەوەی منداڵەکان و وەک سەرکردەیێک دەرئەکەوێت و ئەوانی تریش لە دواوەی)**

**بەڵێ هەموو مرۆڤێک ئەبێت خاوەنی ناسنامەی نەتەوەی خۆی بێت، ئێمەی کورد خاوەنی جلوبەرگی تایبەت بەخۆمانین، خاوەنی ئالآی خۆمانین، خاوەن خاکی خۆمانین، خاوەنی مێژووین، ئێمە خاوەن گوڵی نیشتیمانی خۆمانین کە گوڵی نێرگزە.** (نێرگزەکانی مام نەورۆز: ٦٧)

لە ڕێگەی ئەو گفتوگۆ و دیالۆگانەدا بابەتی شانۆگەرییەکە، لە لایەکدا زاراوە و وشەی تازە بە گوێی منداڵاندا دەچرپێنێ کە پێویستە منداڵان لەم قۆناغەدا فێری ببن و لێی تێبگەن  وەک لێرەدا وشەی (ناسنامە) وەک وشەیەکی تازە و نامۆ سەبارەت بە منداڵانی ئەم قۆناغە دەردەکەوێت و نووسەر دەیەوێت ئەم وشەیە بە منداڵانی ئاشنابکات، لە لایەکی ترەوە کۆمەڵێک بەها و چەمکی پەروەردەیی (نەتەوەیی و نیشتیمانی) پێشکەش بە منداڵان دەکات، بۆ نموونە: وشەی (جامانە) و زۆر بایەخپێدانی کاوە پێی، نیشانەی گرنگیپێدان و بەهەند زانینیەتی وەک ڕەمزێکی کلتووری و ناسنامەی نەتەوەیی وڵاتەکەی. بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە منداڵان دەڵێت کە ئەم ڕەوشتی بایەخپێدان بە کلتور و ناسنامەیە ڕەفتارێکە کاوە لە باو و باپیرانەوە بۆی ماوەتەوە، ئەویش فێری بووە و لەنگەری لەسەر گرتووە. شانۆگەرییەکەش وەک ئامرازێکی پەروەردەیی ئەم بەهایانە لە دڵ و دەروونی منداڵاندا دەچێنێت و گەشەیان پێ دەکات. بەم شێوەیە تێکستەکە لەژێر ڕۆشنایی کۆمەڵێک دەستەواژە و چەمکدا لە پەیامێکی هونەری و جوانناسیدا، لەسەر زمانی کەسایەتییەکانی ناو شانۆگەرییەکە، دڵ و دەروونی منداڵانی (بینەر) و (خوێنەر) بەو بەهایانە ئاو دەدات. وەک لێرەدا بۆ نموونە دەستەواژەکانی (ناسنامەی نەتەوایەتی، ئاڵای کورد، خاکی کوردان) دەچنە ناو کۆمەڵە بەهاکانی نەتەوەیی (خۆشەویستیی نیشتیمان و ئازادی و بەرگریکردن لێی)، بەهاکانی نەتەوەیی (شانازیکردن بە میللەت و یەکێتییەکەی) و دەستەواژەکانی (جلوبەرگی تایبەت بە کورد، مێژووی کورد، گوڵی نێرگز)یش دەچنە ناو کۆمەڵە بەهاکانی نیشتیمانی

(دەستگرتن بەکلتوور و پاراستنی زمان و مێژوو و سەروەریەکان)، بەپێی پێوەرەکەی ئەحمەد عەلی کەنعان بۆ بەها پەروەردەییە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان، هەروەک لە خشتەکەدا ئاماژەی پێکراوە.

دەرک پێکردنی ئەو بەهایانە لە لای منداڵاندا بەپێی ڕادەی ڕۆشنبیری و ڕێژەی تێگەیشتن و زیرەکییان لە قۆناغێک بۆ قۆناغێکی تر دەگۆڕێت.

بەپێی وردبوونەوە و شیکردنەوەی تێکستەکە، ئەم توێژینەوەیە دەریدەخات بیرۆکەی شانۆگەرییەکە لەگەڵ منداڵانی قۆناغی (٨_١٢) ساڵان دەگونجێت، کە بە قۆناغی (پاڵەوانێتی) ناو دەبرێت، چونکە لەم قۆناغەدا منداڵان کەمێک لە بابەتی خەیاڵی دووردەکەونەوە و زیاتر لە واقیع نزیک دەبنەوە، بەرەو ڕاستییەکان هەنگاو دەنێن، ئارەزووی بابەت و یاری و کێبڕکێ و نواندنی ئازایەتی و جەنگاوەری و پاڵەوانێتی دەکەن، دڵسۆزی و خۆشەویستی دەنوێنن بۆ ئەو کۆمەڵەی کە بۆیان دەگەڕێنەوە، منداڵانی ئەم قۆناغە بیر و بۆچوونی ئەم کەسانە زۆر بە هەند وەردەگرن کە باوەڕیان پێیان هەیە، ئارەزووی خۆدەرخستن و لاساییکردنەوە دەکەن، لاسایی ئەو کەسانە دەکەنەوە کە پێیانەوە سەرسامن، ئارەزووی نواندن و هەر چالاکییەکی تر دەکەن، کە بە هۆیەوە بتوانن بەشداری لەگەڵ کەسانی تردا بکەن، بایەخ بە بابەتە مێژووییەکان دەدەن. لەم قۆناغەدا منداڵان دەتوانن ڕووداوە مێژووییەکان، ڕاستییە زانستییەکان، دەستەواژە و گوتە و سروود و گۆرانی و هەر بابەتێکی تر بە شیعر بێت یان بە پەخشان ئەزبەر بکەن، کە لەگەڵیاندا بگونجێت. منداڵانی ئەم قۆناغە زیاتر توانا و ئامادەگییان تێدایە بۆ بینینی شانۆ، وەک ئامرازێکی گوزارشتی هونەری، دەتوانن سەیری ئەو شانۆگەرییانە بکەن کە ئاڵۆزترن و ڕووداوی تێکهەڵکێشیان زیاترە و وێنایەکی واقعیی تر نیشان دەدەن. (الهیتی، ١٩٧٧: ٣٩_٤١)

شانۆی منداڵان لەم قۆناغەدا (پاڵەوانێتی) نزیکەی (٨_١٢) ساڵان چەند خاسیەتێکی تایبەت بەخۆی وەردەگرێت، گرنگترینیان:

١_ چاندنی تۆوی پەروەردەیی و نیشتیمانی.

٢_ لادان بەرەو ئاڕاستەی واقیعیبوون، لە چارەسەرکردن بەهۆی دراما و شانۆ.

٣_ زیادکردنی ئاڵۆزیی ڕووداوەکانی گرێی دراما، بە مەبەستی زیادکردنی وروژاندن.

٤_ ئەوەی جێگای باسکردنە لە شانۆی ئەم قۆناغەیە لە تەمەندا، دیمەنی شانۆ زیاتر بەرەو واقیعیبوون دەڕوات لە شێوە و ڕەنگ و قەبارەدا. (ابو العلا، ٢٠١٦: ١٥٨)

نووسەر هەوڵ دەدات ڕووداوەکان بەشێوەیەکی ورد هەڵبژێرێت، کە لە خزمەتی ڕووداوی سەرەکیدابن و لە هەمان کاتیشدا بەشداری لە دروستکردن و کردنەوەی گرێکاندا بکەن (ئەو ڕووداوانەی گرێیەکە دەکەنەوە، یان ڕووداوی دراماکە هێوردەکەنەوە، دەبێ بە وردی هەڵبژێردراو بن و هەموویان لەگەڵ ڕووداوی سەرەکیدا بگونجێن) (ئەحمەد، ٢٠٠٤:١٩٩)، بۆیە نووسەر ڕووداوەکان بەدواییەکدا دەبات و بەردەوامی دەدات بە دیالۆگ و گفتوگۆی کورت و چڕ لە نێوان منداڵان بەم شێوەیەی خوارەوە:

**عەبد: واتە من کە جلی کوردیم لەبەر نییە، کورد نیمە؟**

**کاوە: نەخێر تۆ کوردیت بەڵام ئەبێت بیسەلمێنیت، بۆ نموونە ئەبێت تۆ بزانی ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە؟**

عەبد: بەڵێ ئەمڕۆ.... شەممەیە

منداڵەکان: (پێ ئەکەنن)

کاوە: نا، نا، مەبەستم شەمە و هەفتە نییە.

عەبد: ئێ ساڵی (.....)ە.

کاوە: (بە قاقای پێکەنینەوە) نا نا، بۆ نازانی ئەمڕۆ نەورۆزە؟

عەبد: نەورۆز!!!

منداڵەکان: بەڵێ نەورۆز

منداڵەکان: (بە ئاوازەوە)

جــەژنە جــەژنی کوردستانە، جــەژنی نەورۆزە

بە تیشکی ئــــاگر دەنووسم، جـــەژنە پیرۆزە

چاوگـــی ئاگـــــــر هێز و گـــــــــیانمە

باوەڕی بەرزی کـــــــــوردستـــــــــانمە

سەیریکـــــەن سەیریکـــــەن سەیریکـــــەن

شاخ و دەشت و شار و گوندم تاوی ســـەندووە

گۆڕی مــــــــەرگی دوژمنانم لێ هەڵکەندووە

پڕ بە دەنگ بانگ دەکەم سەربەســــتیم دەوێ

**کوردســـــتانم جێی شێرانــــــه دەبێ ســــەرکـــەوێ**

(نێرگزەکانی مام نەورۆز: ٦٧_٦٨)

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنج و باسکردنە، پابەندبوونی نووسەرە بە یەکێک لە خاسیەتەکانی تری شانۆی منداڵان، ئەویش پەیوەستکرنی شانۆگەرییەکەیە بە دەقی هۆنراوەی سەرنجڕاکێشی منداڵان، لە پێناو زیاتر وروژاندنی منداڵان و گەشەکردنی هەستی چێژی ئەدەبی و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگە زمانەوانییەکانیان، لە پاڵ ئەمانەشدا، چاندنی چەند بەهایەکی پەروەردەیی (نەتەوەیی و نیشتیمانی) لە لای منداڵانی ئەم قۆناغەدا، هەروەک لە پێوەری خشتەکەدا بوونیان هەیە و ئاماژەیان پێکراوە، وەک: بەهای نەتەوەیی (خۆشەویستیی نیشتیمان)، (شانازیکردن بە میللەت و ئینتیما بۆی)، (یەکێتی و یەک پارچەیی میللەت)، (خۆبەخت کردن و گیانفیدایی)، (خەباتکردن دژی داگیرکەر)، لە کۆتاییشدا بەهای نیشتیمانی (دەستگرتن بە کەلەپوور، زمان، مێژوو، سەروەرییەکان)، ئەمەش لە کاتێکدا کە نووسەر لە تێکستەکەدا (نەورۆز) وەک جەژن و بۆنەیەکی نەتەوەیی و نیشتیمانی یان (کوردستانی) بە منداڵان دەناسێنێ بەو پێیەی کە لە هەموو پارچەکانی کوردستانی گەورەدا لە یەک بەرواردا یادی ئەم ڕۆژە دەکرێتەوە و بە ڕۆژی سەرکەوتنەکانی کوردستان دەناسێندرێت، دابونەریتی تایبەت بەخۆی بۆ ئەنجام دەدرێت، هەروەک **یەکێک لە منداڵەکان دەڵێت:**

(ئینجا هەموو بە جل و بەرگی کوردییەوە، ڕوو لە دەشت و دەر ئەکەین و ئەیکەین بە هەڵپەرکێ و گۆرانی) شانۆگەرییەکە:٧١

لە شوێنێکی تری دیالۆگەکە منداڵان بەم شێوەیەی خوارەوە دەکەونە قسە و گفتوگۆ:

عەبد: بزانم ئێوە ئەم هەموو شتە لە کوێ فێربوونە؟

یەکێک لە منداڵەکان: ئێمە لە باپیرمانەوە ئەمانە فێربووین و ئەویش لە باپیری خۆی.

کاوە: بەڵێ ئێمە پشت بە پشت وەریئەگرین و کلتووری ڕەسەنی خۆمان ئەپارێزین.

لێرەوە منداڵ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ فێری ئەوە دەبێت کە (خێزان) وەک سەرچاوەیەکی گرنگی پەروەردەییە بۆ ئەو، لێیەوە فێری چەندین بەهای زانستی، ڕۆشنبیری، ئاکاری، کۆمەڵایەتی، ئاینی و نیشتیمانی دەبێت، ئەمەش وایان لێدەکات کە گوێڕایەڵی ئەندامانی خێزانەکانیان بن، ڕێز لە بیر و بۆچوون و ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانیان بگرن.

منداڵ لەناو دامودەزگاکانی کۆمەڵگادا، فێری بەهاکان دەبێت لەوانەش (خێزان، هاوڕێ، قوتابخانە، مزگەوت، کەنیسە... هتد). کاتێک منداڵ لەدایکدەبێت هیچ بەهایەک فێرنەبووە، خێزان یەکەم سەرچاوەیە کە منداڵ فێری بەهاکان دەکات و ئاڕاستەیان دەکات کە چ بەهایەک پەیڕەوبکەن. (کنعان، ١٩٩٥: ١٤٠_١٤١)

گفتوگۆکان لەبارەی جەژنی نەورۆز و جلی کوردی و زمانی کوردی، بەردەوام دەبێت، لە میانەیانەوە ئەو بەهایانەی کە لە پێشتردا ئاماژەمان پێیاندا چەندین جاری تر دووپاتدەبنەوە، لای منداڵان سەقامگیر دەکرێن.

لە شوێنێکی تری گفتوگۆکەدا:

**کاوە دەڵێت: بەڵام هاوڕێیان وەرن بەر لەوەی مام نەورۆز بێت، ئێمە پەیمان بدەین**

**منداڵەکان: پەیمان**

**عەبد: پەیمان بۆچی**

**کاوە: پەیمان بدەین کوردستانی خۆمان خۆشبوێت و لەگەڵ یەک تەبا بین و دەست بخەینە نێو دەستی یەک بۆ سەرکەوتنی وڵاتمان**

**منداڵەکان: پەیمان**

لێرەدا منداڵان لەلایەکدا فەرهەنگی زمانیان بە وشەی نوێ دەوڵەمەند دەکرێت، وەک (پەیمان، تەبابوون) دوو وشەی تا ڕادەیەک نوێن لە تێگەیشتنی منداڵانی ئەم قۆناغەدا (چونکە لەم قۆناغەدا منداڵان ناتوانن لە واتای دیاردە و زاراوە ڕووتەکانی وەکو (یەکسانی، سۆشیالیست، هەرەوەزی... هتد) تێبگەن) (ژاڵەیی، ١٩٨٣: ٤٤) بۆیە دەبێت نووسەر لە میانەی هەڵوێست و دیالۆگ و ڕووداوەکانی ناو شانۆگەرییەکە، واتا و مەبەستەکانیان بۆ منداڵان ڕوونبکاتەوە، هەروەک لە تێکستەکەدا دەردەکەوێت. لە لایەکی تریشەوە، لە ڕووی پەروەردەییەوە بەهای (گەشبینی سەبارەت بە داهاتووی گەشی نەتەوایەتی) وەک بەهایەکی تری پەروەردەیی (نەتەوەیی و نیشتیمانی) کە لە خاڵی پێش کۆتایی لە خشتەی ئامارەکەدا ئاماژەی پێکراوە، دەکەوێتە بەرچاو، کەوا منداڵان لە ڕێگەی پەیمان بەستنیان و دەست لەناو دەستبوون و تەبابوونیان بۆ نیشتیمانی خۆیان کە کوردستانە، فێری ئەو بەهایە دەبن و لەلایاندا پەروەردە دەبێت، هەروەها فێری ئەوە دەبن کە سەرکەوتنی وڵات لە ڕێگەی خۆشەویستیی وڵات و یەکگرتن و تەباییەوە وەدی دێ.

له دوای ئەوەی منداڵەکان پەیمانەکەیان دەبەستن، (ئەبێتە دەنگە دەنگ و خۆشی و قسە و پێکەنین، ئینجا گۆرانی:

**ئەمڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە**

**جێژنێکی کۆنی کوردە، بە خۆشی و بە هاتەوە... دەڵێنەوە**

**(لەم دەمەدا مام نەورۆز بەخۆی و بە کۆمەڵێک نێرگزەوە دێتە سەر تەختەی شانۆ و نێرگز دابەش دەکات و ئینجا هەندێک لە نێرگزەکانی بۆ ئامادەبووان هەڵئەدات). (نێرگزەکانی مام نەورۆز: ٧٣)**

نووسەر لێرەدا بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەرانە و سەرنجڕاکێش، کۆتایی بە شانۆگەریەکە دێنێت.

نوسەری شانۆگەرییەکە لە ڕێگەی بەکارهێنانی شێوازێکی سادە و پڕ لە چێژ و کاریگەری، زمانێکی ڕوون و وشە و دەستەواژەی سەرنجڕاکێش، بە ڕەچاوکردنی گرنگترین خاسیەتەکانی شانۆ، توانیویەتی هەست و ژیری و جەستەی منداڵان بجوڵێنیت، ئامانجە پەروەردەیی و هونەری و جوانناسییەکان تا ڕادەیەکی باش بپێکێت، بەشداربێت لە چاندنی چەندین بیروباوەڕ و بەهای پەروەردەیی (نەتەوەیی و نیشتیمانی) و گەشەپێدانی هەستی چێژی ئەدەبی و هونەری لای منداڵان. ئەمە جگە لەوەی منداڵان لە ڕێگەی شانۆگەریی باش و سەرکەوتوو دەتوانن ئەو کارامەییانەی خوارەوە بەدەستبێنن:

- گواستنەوەی بیرۆکەکان لە ڕێگەی نواندن

- خێرایی لە بیرکردنەوە و گوزارشتکردن

- پەیداکردنی توانا لە باش گوێکردن و ئەداکردن

- گەیشتن بە ئەنجامەکان و ڕادەربڕین

- بوێری و توانای ئەدەبی

- گەشەکردنی پێنج هەستەوەرەکان

- توانای بەشداریکردن لە کاری بە کۆمەڵ

- وردی لە کارەکان و پابەندبوون پێیان

- باش گوێگرتن و خۆشگوزەرانی. (ابولمعال،٢٠:١٩٨٤)

شانۆگەریی (گوڵەکانی مام نەورۆز) لە چەسپاندنی ئەو کارامەییانە و جێبەجێکردنی ئامانجە پەروەردەییەکان لە لای منداڵاندا دەتوانێت ڕۆڵێکی باش بگێڕێت.

**٣-٢- ئەنجامی توێژینەوەکە:**

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:

١_ شانۆی (گوڵەکانی مام نەورۆز) وەک هونەرێکی ئەدەبی منداڵان لە ڕێگەی ناوەرۆکە پەروەردەییە سەرنجڕاکێشەکەیدا، توانیویەتی لە چوارچێوەیەکی هونەری و ئەدەبی بەرزدا تا ڕادەیەکی باش ئامانجەکانی ئەدەبی منداڵان بە گشتی و ئامانجە پەروەردەییەکانی شانۆ بە تایبەتی بپێکێت.

٢_ نوسەر لە داڕشتنی بیرۆکە و بابەتەکاندا، وەک سەرچاوە سوودی لە واقیع وەرگرتووە.

٣_ کەســـایەتییەکان جیـــاکەرەوە و سەرنجڕاکێشـــن، بە گشـــتی کەسایەتیی ئادەمین. وەک، (کاوە، عەبد، مام نەورۆز)

٤- لە بەکارهێنانی زماندا، نووسەر هەوڵیداوە زمانێک بەکاربێنێ، کە تـــا ڕادەیەک لەگەڵ زمـــانی منداڵانـــدا گونجـــاو بێـــت و ڕۆڵ ببینێـــت لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانییان، ئەمەش بە بەکارهێنانی وشـەی تـازە و نـوێ و بەکارهێنـانی دەقـی هـۆنراوەی ســەرنجڕاکێش و گـۆرانی و سروود لەناو شانۆگەرییەکەدا، کە لە هەمان کاتدا هەستی چێژی ئەدەبی لای منداڵانی ئەم قۆناغە بەرەوپێشەوە دەبەن.

٥_ ئەوەی جێگـــای ســـەرنج و تێڕامـــانە، نووســـەر نەینوســـیوە شـــانۆگەرییەکەی بـــۆ کـــام قۆنـــاغی تەمەنە، بەڵام ڕادەی ڕەچـــاوکردنی خاسیەتەکان و بەکارهێنانی هەندێک لە چەمک و دەستەواژەکان ئاماژەن بـــۆ دیـــاریکردنی تەمەنەکە، بـــۆیە لە میـــانەی شـــیکردنەوەی وردی شـانۆگەرییەکە بەپێی خاسیەتەکانی شـانۆی منداڵ، گەیشـتینە ئەوەی، کە ئەم شـــانۆگەرییە بـــۆ منـــداڵانی تەمەنـــی (٨-١٢) ســـاڵان گونجـــاوە کە بە قۆناغی (پاڵەوانیەتی) ناو دەبرێت.

٦_ شـــــانۆگەرییەکە بەپێـــــی ئەو نـــــاوەرۆکە پەروەردەیـــــیەی کە هەڵیگرتـــووە لە ڕێـــگەی چەنـــدین زاراوە و چەمـــک و دەســـتەواژەی پەروەردەیی، بە پشتبەستن بە خاسیەتەکاکی شانۆیی توانیویەتی بەژداری بکات و ڕۆڵ ببینێ لە چاندن و سەقامگیرکردنی چەندین بیر و باوەڕ و بەهـای پەروەردەیی (نەتەوەیی و نیشـتیمانی) لە دڵ و دەروونـی منداڵانی کـورد وەک: بەهاکـانی نەتەوەیـی (خۆشەویسـتیی نیشـتیمان و ئـازادی و بەرگریکـــردن لێـــی)، بەهاکـــانی نەتەوەیـــی (شـــانازیکردن بە مـــیللەت و یەکێتییـەکەی)، بەهاکـانی نیشـتیمانی (دەسـتگرتن بە کلتـوور و پاراسـتنی زمـان و مێژوو سـەروەرییەکان)، بەهاکـانی (خـۆبەختکردن و گیانفیـدایی)،

بەهاکانی (خەباتکردن دژی داگیرکەر) و بەهاکانی (گەشبینی سەبارەت بە داهاتووی گەشی نەتەوایەتی)، ئەمانەش هەمان ئەو بەهایانەن کەوا (عەلی ئەحـــمەد کنعـــان) لە پێـــوانەکردنی بەهـــا پەروەردەیـــیە نەتەوەیـــی و نیشتیمانییەکاندا لە خشتەکەیدا ئاماژەی پێکردوون.

## لیستی سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردی:


- ژاڵەیـــی، جەلال خەلەف (١٩٨٣)، منـــداڵ لە قۆنـــاخی دوا منـــداڵی و هەرزەکاریدا، چ١، چاپخانەی (حسام)، بغداد.
- شـــوانی، عەبـــدولوەهاب (٢٠١٣)، *شـــانۆی منـــداڵان – زمـــانی دایـــک*، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- قەرەداغی، بورهان (٢٠١١)، *شانۆی منداڵ– مێژوو، بیبلۆگرافیا، تیۆر، پراکتیک*، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
- ئەحـمەد، کەیفـی (٢٠١٨)، *شـانۆ و شـانۆی منـداڵان*، دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنەوەی ئالای ڕووناکی، کۆیە.


### بە زمانی عەرەبی:


- ابو العلا، عصام الدين (٢٠١٦)، *من المسرح العالمي – يومكـم سعيد يا أطفال*، عدد ٣٨٢، المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، الكويت
- ابو المعال، عبدالفتاح (١٩٨٤)، *فـى مسرح ألأطفـال*، دار الشـروق للنشـر والتوزيع، عمان- الاردن
- احمـــد، ســـمير عبـــدالوهاب (٢٠٠٤)، *قصـــص و حكايـــات ألأطفـــال و تطبيقاتها العملية*، ط١، دار المسيرة، عمان
- الجابري، حمدي (٢٠٠٢)، *مسرح الطفل في الوطن العربي*، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب، قاهرة

- العليمات، علي مصطفى (٢٠١٥)، *مسرح ودراما الطفل*، دار وائل للنشر والتوزيع، عمان- الاردن
- العناني، حنان عبدالحميد (٢٠٠٧)، *الدراما والمسرح في تربية الطفل*، دار الفكر، عمان- الاردن
- الكعبي، فاضل عباس (١٩٩٩)، *المداخل التربوية و مرتكزات التجانس المعرفي في ثتاقفة ألأطفال*، دار الشوون الثقافية العامة، بغداد
- الهيتى، هادي نعمان (١٩٧٧)، *أدب ألأطفال، فلسفته، فنونه، وسائطه*، دار الحرية للطباعه، بغداد.
- الهيتى، هادي نعمان (١٩٨٨)، *ثقافه ألأطفال*، دار الفنون و الاداب، كويت.
- خليفة، عبداللطيف محمد (١٩٩٢)، *إرتقاء القيم*، عالم المعريفة، عدد ١٦٠، الكويت.
- رضوان، محمد محمود و آخرون (١٩٨٢)، *ادب الأطفال مبادوه – و مقوماته الاساسية*، القاهرة.
- علي، أسامه عبدالرحيم (٢٠٠٦)، *القيم التربوية في صحافة ألأطفال*، إيتراك للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة.
- فراج، محمد بن السيد (١٩٧٩)، *ألأطفال و قراءاتهم*، شركة الربيعان، الكويت.
- كحيلة، محمود محمد (٢٠٠٨)، *معجم مصطلحات المسرح والدراما*، هلا للنشر والتوزيع، ؟

- كنعان، احمد علي (١٩٩٥)، *ادب الأطفال والقيم التربوية*، دار الفكر، ديمشق.
- مدنان، مروان (٢٠١٥)، *مسرح الطفل من النص إلى العرض*، مطبعة النيل،الجيزه- ردمك.
- نايل، احمد جمعة احمد (٢٠٠٦)، *التحليل الادبي أسسه وتطبيقاته التربوية*، دار الوفاء لدنيا طباعة والنشر، الأسكندرية – جمهورية مصر العربية.
- وارد، وينفريد (١٩٦٦)، *مسرح الأطفال*، ت. محمد شاهين الجوهري، الدار المصرية للتأليف والترجمة، القاهرة.

**ملخص:**


هدفت الدراسة، لإبراز فن من فنون أدب الأطفال وهو المسرح، وابراز دور هذا الفن فى ترسيخ القيم التربوية (الوطنية و القومية)، فى هذه المرحلة من عمر الطفل، فى النص المقصود.

وقد استخدمت الباحثة المنهج التحليل الوصفي، معتمدا على معايير تحليل النص وفق أهم خصائص المسرح الطفل وأهدافها التربوية، من خلال الدراسة والاطار النضري لهذه الدراسة.

وقد حاولت الباحثة ومن خلال النص المسرحي، المشار إليه في البحث، عرض القيم التربوية (القومية والوطنية)، وتحليلها. وقد اعتمدت الباحثة على معيار (احمد علي كنعان) للقيم التربوية (الوطنية والقومية) لتكون المعيار والتشخيص مبني على أساس علمي منظم. نموذج البحث يحتوي على النص المسرحي (نێرگزەکانی مام نەورۆز) المأخوذ في الكتاب المسرحي (زمانی دایک) للطفل. وقد أختارت الباحثة طريقة (العشوائية المقصودة) في اختيار النص.

**Abstract:**

This paper proclaims the significance and the role of children drama in installing and stabilising the national educational values for the age of children that the literary text has addressed.

This paper makes use of descriptive analysis method depending on the measurements of literary textual analysis and focusing on the significant features of children literature and educational aims. Through analysing the selected literary text, the paper attempts to illustrate the highlighted national educational values that are located in the literary text. *Ahmad Ali Kanaan's* classification of national educational values is used to accomplish the paper's hypothesis in scientific and proper order.

In *Zmani Dayk* which is a collection of children drama, a play is selected entitled *Nergzakani Mam Nawroz*. The selection is made randomly and intentionally, as *Nergizakany Mam Nawroz* encompasses a considerable aggregate of national educational values.